https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.9

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# پەیوەندیی نێوان حوکمڕانیی باش و سیستەمی لامەرکەزی: خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان

د. هیوا مجید خلیل

زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

hiwa999@gmail.com

**پوختە**

لە سیستەمەکانی بەڕێوەبردندا، ئەستەمە سیستەمێک بە تەواوەتی مەرکەزی یان لامەرکەزی بێت، بەڵکو جۆرێک لە دابەشکردن و شۆڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان دەبینرێت، ئەمە بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە. بوونی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگا، قەزا و ناحیەکان دەربڕی ئەم ڕاستییەن. بەڵام سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان جۆرە پاڕادۆکسێکی پێوە دیارە؛ لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێک یاسا و بڕیار هەن بۆ ئەوەی کە سیستەمی لامەرکەزی پەیڕەو بکرێت، کەچی یاساکان بە تەواوەتی کاری پێناکرێت. لە واقیعدا بەهۆی مێژووی ململانێی سیاسی، بە تایبەتیش دوای شەڕی ناوخۆیی (١٩٩٤-١٩٩٨) کە دەرەنجامەکەشی بریتی بوو لە سەرهەڵدانی سیستەمی دوو ئیدارەیی؛ دواجار لە ساڵی ٢٠٠٦ کابینەی یەکگرتووی لێکەوتەوە، بەڵام ئاسەوارە سیاسی، ئابووری و کلتوورییە بەجێماوەکانی ئەم شەڕە، نەبوونە هۆی لەناوبردنی سیستەمی دوو ئیدارەیی. ئەمەش پاڕادۆکسێکە کە تا هەنوکە سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بە دەستییەوە دەناڵێنێت و کاریگەری دروستکردووە لەسەر هەر هەنگاوێکی چاکسازیکردن لە سیستەمەکە بۆ بەدیهێنانی حوکمڕانییەکی باش و کاریگەریشی هەبووە لە هێنانەدی سیستەمی لامەرکەزی.

**وشە کلیلییەکان:** سیستەمی لامەرکەزی، حوکمڕانیی باش، لامەرکەزیی ڕادیکاڵ، چڕکردنەوەی دەسەڵات، شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و هەرێمی کوردستان.

## پەیوەندیی نێوان حوکمڕانیی باش و سیستەمی لامەرکەزی: خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی

## هەرێمی کوردستان

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کاریگەرییەکانی سیستەمی لامەرکەزی لەسەر حوکمڕانیی باش بخاتەڕوو. لە ڕووی تیورییەوە، لامەرکەزی دەتوانێت حوکمڕانییەکی باشتری سیاسی و ئابووری بۆ وڵاتێک بێنێتەدی. شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ناوەندەوە بۆ یەکە ئیدارییەکانی خوارتر، بە تەنیا نابێتە هۆی بەشداری و بەرپرسیارێتیی زۆرتری خەڵک لە پرسە سیاسی و ئابوورییەکاندا، بەڵکو هاوکات بەرپرسیارێتیی زۆرتریش دەخاتە سەر یەکە کارگێڕییەکان بۆ ئەوەی کە بە شەفافانە و بە هەموو ئەو توانایەی کە لەبەردەستیاندایە هەوڵی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بدەن و لە ڕێگەی دامەزراوە خۆجێییەکانەوە بە هاوڵاتییانی بگەیێنین، ئەمەش کرۆکی حوکمڕانیی باش پێکدێنێت. ئەگەر حوکمڕانیی باش ئاماژە بێت بۆ شێوازی حوکمڕانی لەسەر ئاستی نیشتمانی، لامەرکەزی ئاماژەیە بۆ جۆری حوکمڕانی لەسەر ئاستی خۆجێیی. کۆی حوکمڕانییە خۆجێییەکان، پێکهێنەری حوکمڕانین لەسەر ئاستی نیشتمانی. ئەگەر لەسەر ئاستی خۆجێیی حوکمڕانیی باش یاخود خراپ بێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆری حوکمڕانی لەسەر ئاستی نیشتمانیشدا دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. لە حاڵی حازریشدا، پرسی لامەرکەزی لە ناوەندە سیاسی و ئاکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان پرسێکی گەرموگوڕە.

**پرسیار و گریمانەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە "پەیوەندیی نێوان سیستەمی لامەرکەزی و حوکمڕانیی باش چییە"؟ "تا چ ڕادەیەک سیستەمی لامەرکەزی دەبێتە هۆی هێنانەدی حکومڕانیی باش لە هەرێمی کوردستاندا"؟ بە پشتبەستن بە ئەزموونی وڵاتان و پشتبەستن بە خودی ئەم پرسیارانە، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە "مەرج نییە لە هەرێمی کوردستان، سیستەمی لامەرکەزیی کارگێڕیی و دارایی، ببێتە هۆی هێنانەدیی حوکمڕانیی باش".

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە و میتۆدی وەسفی-شیکاریی لە لێکدانەوەی داتاکانیدا بەکارهاتووە. هۆکاری پەیڕەوکردنی ئەم میتۆدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ لێکدانەوەی داتا و زانیارییەکان هەم دەقی یاسایی بەکارهاتووە، هەمیش دەقەکان و ڕووداوەکان شیکارییان بۆ کراوە. هاوکات توێژینەوەکە دەچێتە چوارچێوەی، توێژینەوەی ئایندەیی (future study)، بەو هۆکارەی کە کۆمەڵێک دەقی یاسایی لەبارەی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستاندا هەن و ، کە جۆرێک لە ناوەندگەرییەکی لاواز لە ڕووی کارگێڕییەوە تێیدا بەدیدەکرێت، بەڵام ناگاتە ئاستی سیستەمی لامەرکەزی. ئەمەو سەرەڕای هەوڵدان بۆ هێنانەدیی ئەم سیستەمە لەلایەن کۆمەڵێک لایەنی سیاسییەوە. بۆیە توێژەر هەوڵدەدات بە پشتبەستن بەو پێشنیەیەی کە لە سەرەوەدا باسکرا، وێنای ئەوە بکات ئەگەر لە داهاتوودا سیستەمی لامەرکەزی جێبەجێکرا چ وەرچەرخانێک لە شێوازی بەڕێوەبردنی سیستەمی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستاندا دێتەکایەوە؟ لەم توێژینەوەیدا، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان شێوازی کتێبخانەیی بەکارهاتووە. لە تەوەرە گشتییەکاندا زۆرتر سوود لە پەرتووک و گۆڤارە زانستییەکان وەرگیراوە. تەوەرەکانی

تایبەت بە هەرێمی کوردستانیش، چونکە ئەم بابەتە بابەتێکی نوێیە، هەر بۆیەش بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان زۆرتر سوود لە گۆڤارەکان، ڕاپۆرت و ماڵپەڕەکان وەرگیراوە.

## گرنگی و ئامانجی توێژینەوە

ماوەیەکە، پرسی لامەرکەزی بووە بە باس و خواسی ناوەندە ئاکادیمی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. هەر کاتێک قەیران و ناکۆکیی سیاسی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی هەریمی کوردستاندا زەق دەبێتەوە باسی لامەرکەزیش دێتەکایەوە. پێشینەی پراکتیکیی باسکردن لە لامەرکەزیەت دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤ تا ساڵی ٢٠٠٥ کە کابینەی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستاندا پێکهێنرا، بەڵام تا ئێستاش ناوچەی دەستڕۆیی پارتە سیاسییەکان کەم تا زۆر وەکو سەردەمی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨) ماوەتەوە. هەر بۆیەش سنوورەکانی لامەرکەزی هەمان سنووری دوو ئیدارەیی جارانە. لەم ڕوانگەیەوە، لە ڕوانگەی لایەنگرانی لامەرکەزیەتەوە وەها وێنادەکرێت کە هاتنەدیی سیستەمی لامەرکەزی کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکات و سیستەمێکی باشتر لە حوکمڕانیکردن دێنێتەدی؛ دەکرێ ئەم بانگەشەیە وەها نەبێت. گرنگیی ئەم توێژینەوەی لێرەدایە کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بانگێشت و گریمانەیە دەکات و خودی ئەم گرنگییە، ئامانجی توێژینەوەکە پێکدێنێت.

## پەیکەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار تەوەرەدا دابەشکراوە. تەوەرەی یەکەم باس لە سیستەمی لامەرکەزی دەکات کە تێیدا چەمک و جۆرەکانی ئەم سیستەمە شیکراونەتەوە. تەوەرەی دووەم، تیشک دەخاتەسەر چەمکی حوکمڕانیی باش و نیشاندەرەکانی ئەم حوکمڕانییە بە پێی ستاندەری

جیهانی. تەوەرەی سێیەم، باس لە مشتومڕی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان دەکات و ئەو ئارگیومێنتانە دەخاتەڕوو کە لایەنەکان بۆ هێنانەدیی سیستەمی لامەرکەزی پشتی پێدەبەستن. تەوەرەی چوارەم، خۆی لە وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکەدا دبینێتەوە، واتە تیشکدەخاتەسەر لامەرکەزیەت و هێنانەدیی حوکمڕانیی باش لە هەرێمی کوردستاندا. دواجار دەرەنجامەکان خراونەتەڕوو.

**تەوەرەی یەکەم: پوختەیەک لەبارەی سیستەمی لامەرکەزی**

سیستەمی لامەرکەزی، لە سەرەتادا، لە وڵاتانی پێشکەوتوو سەریهەڵدا بۆ ئەوەی کە بتوانن کاروباری وڵاتەکەیان لە چوارچێوەی دەوڵەت–نەتەوە بە باشترین شێوە بەڕێوەببەن؛ بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە لە چەند پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و کلتووریی پێکهاتبوون. لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، لە کۆی چل و دوو دەوڵەتی دیموکراسی و نیمچە دیموکراسی، نزیکەی ٧٢٪ پەیڕەوییان لە سیستەمی لامەرکەزی کرد(جۆرج ڤاسکوێز و ئەوانیتر، ٢٠٢٠، ل٤) تا لەم ڕێگەیەوە بتوانن خزمەتگوزاریی باشتر بە هاوڵاتییان بگەیێنن و لە تێچووی سیستەمی کارگێریی ناوەندی کەمبکەنەوە. بە سەرهەڵدانی وڵاتانی نوێ، کە پێشتر لەژێر فەرمانڕەوایی وڵاتانی کۆلۆنیاڵدا بوون و دواتر نازناوی وڵاتانی لە دۆخی گەشەسەندنیان بۆ بەکارهات، لە پێناو باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی ئەم وڵاتانەی لە دۆخی گەشەسەندندا، لە لایەن وڵاتانی کۆمەکبەخشەوە (واتە ئەو وڵاتانەی کە یارمەتی دارایی، تەکنیکی و مرۆییان پێشکەش بەم وڵاتانە دەکرد تا پێشبکەون)، چەمکی لامەرکەزی هاوردەی ئەم وڵاتانەکرا، تا لەم ڕێگەیەوە بە حوکمڕانییەکی باش بگەن و ببنە وڵاتی گەشەسەندوو.

پاساوی گرتنەبەری سیستەمی لامەرکەزی بۆ ئەم وڵاتانە بریتی بوو لەوەی کە بە بەهێزکردنی حکومەتە خۆجێییەکان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، شەفافیەت و دیموکراسییەت لەلایەن حکومەتە خۆجێیەکانەوە، یارمەتیدەری حوکمڕانییەکی باشی نیشتیمانی دەبێت (Malik, 2001,p1). کەواتە ئارگیومێنتی لامەرکەزی بریتییە لەوەی کە حکومەتی خۆجێیی دەتوانێت باشتر لە حکومەتی ناوەندیی، بەرپرسیاربێت لە هەمبەر خواستی هاوڵاتییان و باشتر دەتوانێت خزمەتگوزارییەکان دابینبکات. بە گشتی دوو جۆر سیستەمی کارگێڕی هەن کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراون (Khalid, 2020, p7):

یەکەم: سیستەمی مەرکەزی دابەش دەبێتەسەر:

1. چڕکردنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی (Concentrative Administration)
2. دابەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی (Non-concentrative Administration)؛ کە زۆرجار بە مەرکەزیەتی ناچڕ ناودەبردرێت.

دووەم: سیستەمی لامەرکەزی دابەش دەبێتەسەر:

1. لامەرکەزیی جوگرافیایی (Regional Decentralization)
2. لامەرکەزیی کەرتەکان (Sectorial Decentralization)

شێوازی دووەمی ئەم دابەشکردنە، بە لامەرکەزیی جوگرافیایی و لامەرکەزیی تەکنیکیش ناودەبردرێت. لە لامەرکەزیەتی جوگرافیاییدا دەسەڵات بە بەرپرسانی ناوچەیەک (شار، پارێزگا، ویلایەت و...) دەدرێت کە کۆمەڵێک بڕیار و یاسا بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان دەربکەن و

جۆرێک لە دیموکراسی دێتەکایەوە. لە لامەرکەزیی تەکنیکیدا، دەسەڵات لە دامەزراوەیەکی سەرووترەوە بۆ دامەزراوەیەکی خوارووتر (بۆ نموونە لە وەزارەتی شارەوانییەوە بۆ شارەوانییەکان) دەدرێت تا لە چەند کەرتێکدا دەسەڵاتی بڕیاردەرکردنیان هەبێت (قشلاق، ١٣٨٨، ص٣٨-٣٩).

سەرەڕای ئەم دوو شێوازەی بەڕێوەبردن، دوو ڕێچکە بۆ دیارکردنی دەسەڵاتی یەکە کارگێڕییە خۆجێییەکان دیاردەکرێن کە بریتین لە ڕێچکەی ئینگلیزی، کە لەم شێوازەدا دەسەڵاتی یاسادانان بەڕوونی دەسەڵات و تایبەتمەندیی یەکە خۆجێییەکان دیاری دەکات و هەر کەم و زیادکردنێکی ئەم دەسەڵاتانەش پێویستی بە هەموارکردنەوەی یاسا هەیە. دووەم ڕێچکە، ڕێچکەی فەڕەنسییە، لەم ڕێچکەیەدا دەسەڵاتی یەکە خۆجێییەکان بە پێی ڕێسایەکی گشتگیر دیاریدەکرێن و بەیەکسانی بەسەر گشت یەکە خۆجێییەکاندا دابەشدەکرێت و زۆرجار وردەکارییەکان بۆ یەکە خۆجێییەکان بەجێدەهێڵرێت. دەتوانین بڵێین کە لە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان لە دیارکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکان پشتی بە ڕێچکەی فەڕەنسی بەستووە. ئەگەرچی کۆمەڵێک دامەزراوەی وەک هێزە چەکدارەکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەژێر چاودێری پارێزگاکاندا دەرهێنراون (نەجمەدین، ٢٠٢٠، ل٥).

هاری بلاییر (Harry Blair)، لەبری چەمکی لامەرکەزی، چەمکی حوکمڕانیی خۆجێیی دیموکراتیک بەکاردێنێت ( Democratic local governance) کە مەبەست شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی خوارووی دەوڵەت و بەشداریی دیموکراسییانەی خەڵکە لە کاروباری ئەم یەکانەدا. بەم جۆرەش "هاری" خۆی لە شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی* کە لە دوای ساڵانی ١٩٨٠ لە سەرتاسەری جیهاندا سەریهەڵدا نزیکدەکاتەوە و خۆی لەو جۆرە لامەرکەزیەتە جیادەکاتەوە کە لە دوای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بۆ گەشەی وڵاتانی لە دۆخی

گەشەسەندندا بەکاردەهات کە زۆرتر جەختی لەسەر کەرتی کارگێڕیی گشتی دەکردەوە (Blair, 2000, p21). زیاد لەمەش، دەکرێ لە وڵاتێکدا کە لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە بەڵام دامەزراوە نەتەوەییەکان لە ئاستی نیشتیمانیدا کارانین، ئەم دامەزراوانە ببنە هۆکاری سەرەکیی پاشکەوتن و نایەکسانیی ئابووریی-کۆمەڵایەتی. لەم دۆخەدا دەکرێ توێژینەوەکان کە زۆرتر جەخت لەسەر دامەزراوە نیشتیمانییەکان دەکەنەوە، ئاوڕێک لە دامەزراوە خۆجێییەکان بدەنەوە کە لەوانەیە بتوانێت وەک ئەلتێرناتیڤێک، باشتر خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتییان دابینبکات.

دوای ئەم تیشک خستنەسەر سیستەمی لامەرکەزییە، لامەرکەزی دەبێتە یەکێک لە ئەجێنداکانی کاری بانکی جیهانی بۆ بەدیهێنانی حوکمڕانییەکی باش (Bardhan,2002,p187). بەڵام لە ئێستادا زۆرجار داواکاریی لامەرکەزیی کارگێڕی و دارایی بووەتە پرسێکی ناوخۆیی وڵاتان و بەتایبەتیش لە ڕووی داراییەوە کە دەکرێ ئەم جۆرە لامەرکەزییە داراییە بە فیدڕالیزمی دارایی (fiscal federalism) ناو ببرێت و مەبەست لێی جۆراوجۆری و جیاوازیی سەپاندنی باجە لەسەر بازاڕ، کاڵا، داهات و بازرگانی لەلایەن حکومەتی خۆجێییەوە؛ ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی تا لەم ڕێگەیەوە جوڵەی کۆمەڵایەتی-جوگرافیایی لە نێوان دانیشتووانی وڵاتێکدا دروستبێت(Prud'homme,1995,p201).

دەکرێ ئارگیومێنتی ئەم مۆدێلەی سەرەوە، زۆرتر بۆ وڵاتێکی خاوەن ئابوورییەکی پێشکەوتوو و خاوەن سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراوەییی بەهێزی سیاسی بگونجێت و بۆ وڵاتانی لە دۆخی گەشەسەندندا زۆر گونجاو نەبێت. بەمجۆرەش سیستەمی لامەرکەزی بە پێی ڕوانگە جیاوازەکان، واتای جیاواز هەڵدەگرێت، بۆ نموونە لە ڕووی ئابوورییەوە بە مانای کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری

ئابووری و بازاڕدا دێت. لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتیی دراو زۆرتر چەمکی هەمواركردنەوەی ستراکتۆرەکان** (structural adjustment) بەکاردێت کە دواجار دەرەنجامەکەی لامەرکەزیەتە. لە ئەدەبیاتی سیاسیشدا زۆرتر بە مانای شۆڕکردنەوەی پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت و بڕیاردان لە کابینەی حکومەتەوە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی ناوچە جیاوازەکان دێت (Bardhan,2002,p286). بە پێی ئەم میکانیزمە بەرپرسیارێتی لە نێوان دامەزراوە لاوەکییە حکومییەکان و دامەزراوە سەرەکییە نیشتیمانییەکان دابەشدەکرێت.

کەواتە دەکرێ بڵێین لامەرکەزی بریتییە لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەتی مەرکەزی و بەشکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی خواررووی وەزارەتەکان و چاودێریکردنی ئەم یەکە کارگێڕییەنە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان گشت حکومەتە خۆجێییەکان. بەمجۆرەش لامەرکەزیەت گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، دارایی و کارگێڕییە لە حکومەتی ناوەندییەوە بۆ حکومەتە خۆجێییەکان (Halvorsen,2019,p1). بە بڕوای تایبۆت (Tiebout)، حکومەتە خۆجێییەکان زۆر باشتر لە حکومەتی ناوەندی دەتوانن کاڵا و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ دانیشتووانیان دابینبکەن، چونکە لە نزیکەوە ئاگاداری داواکاریی دانیشتووانی ژێر قەڵەمڕەوی (jurisdiction) خۆیانن (Tiebout,1956,423).

لە ڕووی تیورییەوە، ئارگیومێنتی سەرەکی لە بیرۆکەی لامەرکەزیەتدا بریتییە لەوەی کە سیستەمی لامەرکەزی دەبێتە هۆی باشتر دابینکردنی خزمەتگوزارییە خۆجێییەکان لە نێوان دانیشتووانی وڵاتێک کە لە ڕووی جوگرافیاوە لێکجیاواز و ئەولەویاتی جیاوازیان هەیە. لە

لامەرکەزیدا، بە بەراورد بە ناوەندگەرایی، نزیکیی کاربەدەستان و سیاسەتمەداران لە خەڵک یارمەتیدەرە کە ئەم کاربەدەستانە بزانن خەڵک زۆرتر چ جۆرە خزمەتگوزاری و کاڵایەکی پێویستە و ئاسانتر ئەم کاڵا و خزمەتگوزارییانە دابینبکرێن. ئەم لێکنزیکییەی نێوان هاوڵاتی و کاربەدەست، دواجار دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی. بەم پێیەش لە لامەرکەزیەتدا بەهۆی لێکنزیکیی خەڵک و کاربەدەستان، میکانیزمە سیاسی و ئابوورییەکان بەبەردەوامی کاریگەریی لەسەر یەکتر دروستدەکەن و دەرەنجامەکەشی باشتر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەرپرسیارێتی و شەفافیەتە ( Lewis and Nguyen,2020,p1).

لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە گرووپە بەرژەوەندیخوازەکان، گرووپەکانی گوشار و کلاینتالیزمەکان، بەربەست دروستبکەن و ڕێگربن هەم لە چاودێری و ئاگاداربوونی دەسەڵاتی ناوەند لە چاودێریکردنی چۆنیەتیی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتییان و تەنیا چینێک لە سوودەکانی سیستەمی لامەرکەزی سوودمەند بن. چونکە ڕاستە کە لە سیستەمی لامەرکەزیدا کاربەدەستان لە خەڵکەوە نزیکترن، بەڵام لەوانەیە نوخبەی سیاسیی خۆجێیی، باڵادەستی بەسەر کاربەدەستان و کەرتی ئابووری و چۆنیەتیی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا هەبێت. بەمجۆرەش سەختە بانگەشەی ڕاپۆرتی گەشەسەندنی جیهانی ( World Development Report) بۆ ساڵی ٢٠٠٤ بەدیبێت کە لە یەکەم لاپەڕەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە:

*"زۆرجار خەڵکی هەژار، لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە، دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان ناگات. بەڵام چەندین بەڵگەی بەهێزمان لەبەردەستدا هەن کە لە هەر شوێنێک خزمەتگوزارییەکان باشتر دابینکرابن بەو مانایە دێت کە حکومەت و خەڵک باشتر کارەکانیان*

*ڕاپەڕاندووە، بەڵام چۆن؟ ئەمەش لە ڕێگەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە پێناو خەڵک، واتە خەڵک سەنتەری خزمەتگوزارییەکانە، ئەویش لە ڕێگەی دەرفەتبەخشین بە خەڵک بۆ چاودێریکردن و ڕێکخستنی دابینکارانی خزمەتگوزارییەکان، لە ڕێگەی گوێگرتن لە دەنگیان لە کاتی سیاسەتداڕشتندا، و هاندانی دابینکەرانی خزمەتگوزارییەکان بۆ خزمەتکردنی خەڵکی هەژار ( Bardhan and Dilip Mookherjee,2006,p101)".*

سەرەڕای گشت ئەمانەش، ئەگەرچی لە ڕووی تیۆرییەوە سیستەمی لامەرکەزی بەڵێنی مۆدێلێکی باشتر لە حوکمڕانی و دیموکراسییەکی بەرفراوانتر بە خەڵک دەدات کە تێدا کاربەدەستان بەهۆی کردەوەکانیانەوە لە لایەن هاوڵاتییانەوە باشتر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و خەڵک زۆرتر لە کاروباری خۆجێییدا بەشدار دەبن، بەڵام ئەزموونی چەندین دەیە لە سیستەمی لامەرکەزی لە ئاستی جیهاندا بە تایبەتیش لە نێوان ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم تا ناوەڕاستی ساڵانی ٢٠٠٠، کە وڵات لە دوای وڵات بەرەو سیستەمی لامەرکەزی، بە تایبەتیش لە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین، هەنگاویاندەنا، ئەوە دەخاتەڕوو کە مەرج نییە لامەرکەزی سیستەمێکی باشتری حوکمڕانی بەدیبهێنێت، لەمبارەوە نموونەی زۆر هەن وەک پیرۆ، مەکسیک، گواتامالا، فیلیپین، ڤێتنام، مالاوی و چەندین نموونەی تر (Grindle,2007,p2-4).

ئەوەی کە لە پیادەکردنی سیستەمی لامەرکەزیدا گرنگە ئەو میکانیزمانەیە کە دەدرێتە ئیدارە خۆجێییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، واتە تەنیا تیشکخستنەسەر جۆرەکانی لامەرکەزی (کارگێڕیی، دارایی، سیاسی و ...) بەس نییە بۆ ئەوەی کە بڵێین وڵاتێک بە شێوازی لامەرکەزی بەڕێوەدەچێت یاخود نا. بۆ نموونە، ئەگەر لە ڕووی داراییەوە هەڵسەنگاندن بۆ سیستەمی لامەرکەزیەتی هۆڵەندا بکەین

دەبینین کە بڕی ٨٤٪ بودجەی ئیدارە خۆجێییەکان لە ناوەندەوە دابیندەکرێت و تەنیا ١٦٪ی لە ئیدارە خۆجێیەکان دابیندەکرێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەڕووی داراییەوە هۆڵەندا وڵاتێکی لەڕادەبەدەر مەرکەزییە، بەڵام بە پێی ئەو میکانیزمانەی کە بۆ خەرجکردنی داهات و ئەو دەسەڵاتانەی کە بە ئیدارە خۆجێییەکان دراوە، هۆڵەندا دووەم گەورەترین وڵاتی لامەرکەزیەتە لە ئاستی جیهاندا (فلورک و ویلیامز،٢٠٢٠،ل٨).

بە کورتی، لامەرکەزیەت بریتییە لە میکانیزمی ئاسانتر بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ڕێگەی بەشداریکردنی یەکە خۆجییەکان و هاوڵاتییان لە چالاکییەکانی ئەم یەکە خۆجێیانە کە ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی باشتر بەڕێوەبردنی وڵات. لێرەدایە کە پێکگەیشتنێک لە نێوان لامەرکەزیەت و حوکمڕانیی باش دێتەکایەوە. چونکە مەبەستی سەرەکی لامەرکەزیەت بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی کارگێڕی، بەشداریی دیموکراسیانەی خەڵک، واتە بەشدارییەک دوور لە گوشار و ناچاری، و یەکسانیی جوگرافی و کۆمەڵایەتی (Mewes,2011,p30).

بۆ ئەوەی کە بزانین ئایا سیستەمی لامەرکەزی دەبێتە هۆی هێنانەدیی حوکمڕانییەکی باش، لە خوارەوە پوختەیەک لەبارەی حوکمڕانیی باش دەخەینەڕوو تا بەرچاوڕوونییەک لەبارەی لێکنزیکی و کاریگەریی ئەم دوو چەمکە بەسەر یەکترەوە بزانین.

**تەوەری دووەم: چەمکی حوکمڕانیی باش**

حوکمڕانی چەمکێکە، بریتییە لە گشت شێواز و ڕێسا و پرۆسەکانی مومارەسەکردنی دەسەڵات کە لە کۆمەڵگایەکدا پیادە دەکرێت؛ بەو واتایەی کە حوکمڕانی تەنیا لە چوارچێوەی کردار و دامەزراوەکانی حکومەتدا قەتیس ناکرێت. کەواتە حوکمڕانی دەرەنجامی گشت ئەو

میکانیزم و پرۆسە و دامەزراوانەن کە حکومەت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەیگرێتەبەر. ئەگەرچی سەبارەت بە چەمکی حوکمڕانیی باش تا ڕادەیەک کۆ دەنگییەکی جیهانی لەسەر ئەم چەمکە و پێوەرکانی لە ئارادایە (Williams,2020,p235)، لەگەڵ ئەمەشدا تا هەنوکەش جیاوازیی لە پێناسەکردنی حوکمڕانیی باشدا دەبینرێت (Aubut,2004,p8) کە هۆکارەکەشی بۆ جیاوازیی ئەو بوارە زانستییانە دەگەڕێتەوە کە خوێندنەوە بۆ ئەم چەمکە دەکەن.

هەر وەک لە تەوەرەی یەکەمدا باسکرا، دوای سەرهەڵدانی کۆمەڵێک دەوڵەتی نوێ و نەمانی پرۆسەی کۆلۆنیالیزم لە دوای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، وڵاتانی کۆمەکبەخش، بیرۆکەی لامەرکەزییان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتانە خستەڕوو، دواتر لە دوای شکستی پرۆسەی هەموارکردنی ستراکتۆرەکان، وڵاتانی کۆمەکبەخش، چەمکی حکومڕانیی باشیان لە پاڵ چەمکی لامەرکەزی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتانی تازە سەرهەڵداو و لە دۆخی گەشەسەندندا زیاد کرد. ئەمجارە لە ڕوانگەی وڵاتانی کۆمەکبەخشەوە، شکستی وڵاتانی تازە سەرهەڵداو و دواکەوتوو، بەهۆی شێوازی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، گەندەڵی و نەبوونی لێپێچینەوە و بەرپرسیارێتی لە دامەزراوەکانی سەر بە حکومەت بووە؛ بە کورتی حوکمڕانییەکی خراپ (bad governance) یان هەبووە (Williams,2020,p235; Nadeem, 2016,p2). لەم چوارچێوەیەدا بۆ ئەم وڵاتانە، بەهێزکردنی حکومەتە خۆجێییەکان لە پێناو هێنانەدیی حوکمڕانیی باش، بوو بە یەکێک لە کۆڵەگەکانی کۆمەکبەخشین بە وڵاتانی دواکەوتوو و بەرپرسیارەتییەکانیش لە نێوان دامەزراوە نیشتیمانییەکان و دامەزراوە خۆجێییەکان و هاوڵاتییاندا دابەشکرا.

ڕاپۆرتی بانکی جیهانی بۆ ساڵی ١٩٩٢، پێناسەیەکی سێ وشەیی بۆ حوکمڕانیی باش دیارکردووە کە بریتییە لە "بەڕێوەبردنی دروستی

گەشەسەندن" (sound development management) ( World Bank, 1992, p1). بە سەرنجدان لەم پێناسەیە دەبینین کە زۆرتر جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی تەکنیکی و بۆرۆکراتیکی حوکمڕانی (Sundaram and Chowdhury,2012,p2). بەشێکی تری ئەم ڕاپۆرتە تەرخانکراوە بۆ پەیوەندیی نێوان حوکمڕانیی باش و سیستەمی لامەرکەزی و لەو بڕوایەدایە کە بۆ گەشەسەندنی وڵاتێک، حوکمڕانیی باش و سیستەمی لامەرکەزی پێکەوە گرێدراون، چونکە هەردووکیان دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتیی دامەزراوە حکومییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هۆشداری دەدات کە لە ئەرزی واقیعدا ئەگەر لامەرکەزیەت زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت دەبێتە هۆی لە ناوبردنی سەرچاوەکان بە تایبەتیش لە کورتمەودادا و لەوانەیە حکومەتە خۆجێییەکان ببنە ئەگەری لەبەینبردنی ئامانجە نیشتمانییەکان. زیاد لەمەش ئەم سیستەمەی لامەرکەزی ڕادیکاڵانە*** ( radical decentralization) دەکرێ ببێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لە چۆنیەتیی ئیدارەدانی کەرتی ئابووری؛ بە تایبەتیش ئەگەر بێتو توانای کارگێڕیی یەکە خۆجێییەکان لاواز بێت؛ ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سەرچاوەکان. بۆ نموونە، دەسەڵاتی لامەرکەزیی پارێزگاکانی بەرازیل لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەرپرسبوون لە شکستی کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ( World Bank,1992,p21-22). ئەم جۆرە لامەرکەزییە ڕادیکاڵییە لە دەقی "پرۆژەی سیستەمی لامەرکەزیی کارگێڕی و دارایی" کە لە لایەن ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییەوە ئامادەکراوە بەدەردەکەوێت کاتێک دەڵێت گشت داهاتی سەرچاوەکانی سەرزەوی و ژێرزەویی ئەم پارێزگایە دەبێ تەنیا بۆ ئەم پارێزگایە خەرجبکرێت (لە تەوەرەکانی دیکەدا تیشکدەخرێتەسەر ئەم پرۆژەیە).

بانكی جیهانی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٦-٢٠١٨، چاودێری ٢٠٠ وڵات و هەرێمی كردووە و چەند پێوانەیەكی بۆ هەڵسەنگاندنی حوكمڕانیی باش دیاركردووە كە بە "نیشاندەرەكانی جیهانی حوكمڕانی" ( The Worldwide Governance Indicators) ناودەبردرێن و بریتین لە (WGI,2013; Sundaram and Chowdhury,2012,p3-4):

١. بەرپرسیارێتی و لێپێچینەوە (voice and accountability)

٢. سەقامگیریی سیاسی و نەبوونی توندوتیژی ( political stability and absence of violence)

٣. كارایی حكومەت (government effectiveness)

٤. توانای چاودێری و ڕێكخستن (regulatory quality)

٥. سەروەریی یاسا (rule of law)

٦. كۆنترۆڵكردنی گەندەڵی (control of corruption)

ئەگەر بێتو سەیری هەر یەک لەم نیشاندەرانە بكەین دەبینین كە هاوبەشییەک لە نێوان نیشاندەرانی حوكمڕانیی باش و سیستەمی لامەركەزیدا، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، بوونی هەیە. بۆ نموونە، هەر دوو چەمک جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی و كارایی حكومەت و كۆنترۆڵی گەندەڵی دەكەنەوە. لە حاڵەتی هەرێمی كوردستانیشدا، سەقامگیریی سیاسی و پرسی نەهێشتنی گەندەڵی كە دەبێتە هۆی سەر لەنوێ دابەشكردنەوەی داهات و كەمكردنەوەی ناكۆكییە سیاسییەكان دوو تەوەرەی سەرەكیی سیستەمی لامەركەزی پێكدێنن.

لە توێژینەوەیەکدا بۆ دیارکردنی ئاستی حوکمڕانیی باش لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەکە بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە لەڕووی دامەزراوەییەوە بۆ هێنانەدیی حوکمڕانیی باش زەمینەیەکی لەبار لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە. نوخبەی سیاسی بڕوای بە ئابووریی بازاڕ و گرنگیدان بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە؛ بەڵام ئاستەنگی ڕاستەقینە لەبەردەم هێنانەدیی حکومڕانییەکی باش لە هەرێمی کوردستاندا بریتییە لە نەبوونی ویستێکی سیاسیی ڕاستەقینە و نەبوونی متمانەی سیاسی لە نێوان پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگا و دەسەڵاتدا و ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە هەموو کەرتەکانی ژیاندا (شەریف، ٢٠١٩، ل٣٣٠-٣٣١). زیاد لەمەش بە سەرنجدان لە پەیکەری حکومەت، وەزارەتەکان، پەرلەمان، یاساکان، بڕیارەکان و پارتە سیاسییەکان و بوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەتوانین بڵێین کە لەڕووی پەیکەر و یاساوە کەم تەوەرە هەیە کە لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا پەنجەی نەخرابێتەسەر و لەڕووی یاساییەوە ڕێگەچارەی بۆ نەدۆزرابێتەوە، بەڵام لە بواری پڕاکتیکیدا زۆرجار یاساکان جێبەجێناکرێن. ئەمەش یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا. بۆ سەلماندنی ئەم ئارگیومێنتەش، لە تەوەرەی داهاتوودا تیشکدەخەینە سەر ئەو یاسا و ئارگیومێنتانەی کە باس لە سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن.

## تەوەرەی سێیەم: سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان

سیستەمی لامەرکەزی بە پلەی یەکەم دابەشکردنی وڵاتە بەسەر چەندین یەکەی کارگێڕیدا کە دەکرێ لە هەر وڵاتێکدا ناوی جیاواز بۆ ئەم یەکە کارگێڕییانە بەکاربهێنرێن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا یەک شت بن. لە هەرێمی کوردستان مەبەست لە یەکەی کارگێڕی بریتییە لە پارێزگا، قەزا و ناحیە (یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩). هەرێمی کوردستان لە چوار

پارێزگا پێکهاتووە کە لەم چوار پارێزگایەدا ١٣٥ یەکەی کارگێڕی هەن (واتە ٣٢ قەزا و ١٠٣ ناحیە)؛ پارێزگای هەولێر١٠ قەزا و ٣٦ ناحیە، پارێزگای سلێمانی ١٤ قەزا و ٤١ ناحیە، پارێزگای دهۆک ٧ قەزا و ٢٢ ناحیە و پارێزگای هەڵەبجە لە یەک قەزا و چوار ناحیە پێکهاتووە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩).

بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبینین کە پرسی شۆڕکردنەوە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بابەتێکی نوێ نییە. لەوانەیە بتوانین بڵێین ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییەی کە کورد لە ساڵی ١٩٧٠وە لە عێراق بەدەستیهێنا، شێوازێک بێت لە بەڕێوەبردنی لامەرکەزیانەی کاروبارەکان. سەرەڕای ئەمەش لە یاسای ژمارە ١٥٩ی حکومەتی عێراق کە لە ساڵی ١٩٦٩ دەرکرا، هەروەها لە مادەی ١٠٢ تا مادەی ١٠٧ ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان کە تایبەتە بە پرسی کارگێڕیی یەکە خۆجێییەکان و دواتر یاسای ژمارە ٣ و ژمارەی ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی کوردستان (حەکیم، ٢٠١٧، ل٨ و ١٠)، تا دەگاتە بڕیارەکانی ژمارە (١١٢٣١) و (١١٢٣٢) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/١٧، هەروەها بڕیاری ژمارە (٤٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/١/١٦ و بڕیارەکانی ژمارە (٤٤) و (٤٥) لە ڕیکەوتی ٢٠١٣/٦/١٩، کە گشت ئەم بڕیارانە لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوون و دواتر هەڵوەشێنرانەوە، باس لە پرسی لامەرکەزی کراوە (زەکی و ئەوانیتر، ٢٠٢٠)، بەڵام سەرەڕای گشت ئەم یاسا و بڕیارانە تا هەنوکەش پرسی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان وەکخۆی نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و مشتومڕەکان لەم بارەیەوە بەردەوامن.

لایەنگرانی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئەم سیستەمە پشت بە سێ ئارگیومێنت دەبەستن کە بریتین لە (Khalid,2020,p14-15):

ئارگیومێنتی یەکەم، لایەنگرانی ئەم ئارگیومێنتە لەو بڕوایەدان کە هەرێمی کوردستان لەڕووی پڕاکتیکییەوە بە شێوەیەکی لامەرکەزی بەڕێوەدەبردێت کە لە دوای شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨) و ڕاگەیاندنی ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی تا ئێستا ئەم دوو ئێدارەیە بوونیان هەیە، ئەگەرچی لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ حکومەتی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بەڵام تا ئێستاش ڕووخسارەکانی سیستەمی دوو ئیدارەیی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەت و تەنانەت لە پێکهێنانی کابینەی وەزاریدا ڕەنگیداوەتەوە.

ئارگیومێنتی دووەم، لایەنگرانی ئەم ئارگیومێنتە، پشت بە دەستووری عێراق دەبەستن کە لە دەستوورەکەدا ڕێگەدراوە لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە، پارێزگایەک سیستەمی لامەرکەزی و تەنانەت فیدڕالی ڕابگەیەنێت. بە تایبەتیش دەستووری کاتیی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ و یاسای ژمارە ٧١، کە لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانان دەرکرا و لە شەقامی هەرێمی کوردستان بە یاسای بریمەر ناویدەرکردووە. تەنانەت یاسای ئیدارەی دوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دەرکرا لە مادە (٥٦-ج)دا هاتووە کە حکومەتی فیدڕالیی عێراق لەسەر بنەمانی لامەرکەزی ڕێکارە پێویستەکان دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی زۆرتر بە یەکە کارگێڕییە خۆجێییەکان و پارێزگاکان بدات، بە هەرێمی کوردستانیشەوە (قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، ٢٠٠٤). هەروەها لە مادەی ١١٦ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا، هاتووە کە "حکومەتی عێراق، حکومەتێکی فیدڕالییە کە پێکدێت لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزییەکان و ئیدارە خۆجێییەکان". لەڕووی پڕاکتیکییەوە، بە چاوپۆشین لە دۆخی هەرێمی کوردستان، سەختە ئەم مادەیە جێبەجێبکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە هەم عەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراق عەقڵییەتێکی ناوەندخوازە، هەمیش ئەزموونی هەوڵدانەکانی پارێزگای بەسەرا بۆ بوون بە سیستەمی فیدڕاڵی/ لامەرکەزی لە لایەن حکومەتی

عێراقەوە دژایەتییەکی زۆریکرا؛ یاخود مادەی ١١٩ باس لەوە دەکات کە "پارێزگایەک یان زیاتر مافی پێکهێنانی هەرێمێکیان هەیە بە پشتبەستن بە داواکارییەک بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری".

ئارگیومێنتی سێیەم، لایەنگرانی ئەم ئارگیومێنتە پشت بە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ و کارنامەی کابینەی نۆیەم و ڕێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم دەبەستن کە تێیدا باس لە سیستەمی لامەرکەزی کراوە (پیوکەی میدیا، ٢٠٢٠). یاسای ژمارە ٣، تا هەنوکە باشترین و بەهێزترین ئارگیومێنتە کە بەڕوونی باس لە پیادەکردنی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستاندا دەکات، ئەگەرچی میکانیزمەکانی پیادەکردنی ئەم لامەرکەزیەتە لە یاساکەدا ناڕوونن و دیار نین.

سەرەڕای گشت ئەم ئارگیومێنتە یاسایی و دەستوورییانە، بەڵام ئەگەر لە واقعی هەرێمی کوردستان بکۆڵینەوە دەبینین کە فاکتەری سەرەکیی داواکردنی سیستەمی لامەرکەزی بۆ هەرێمی کوردستان، پرسێکی سیاسی-کلتوورییە. بە واتایەکی تر، لە هەرێمی کوردستاندا، سیاسەت و حزبایەتی سایکۆلۆژیا و زەهنییەتێکی تایبەتی دروستکردووە کە لەو دوو ناوچەیەی بە زۆنی سەوز و زەرد ناسراوە لێکدانەوەی جیاواز بۆ یەک پرس و دیاردە دەکرێت کە لێکدانەوەکان زۆرجار لە دژی یەکتر دەوەستنەوە. بە واتایەکی تر، بە هۆی دابەشبوون و لێکترازانی کۆمەڵایەتی لەم دوو زۆنەدا، دوو کلتوور، دوو سیاسەت و دوو شوناسی سیاسیی تا ڕادەیەک لێکجیاواز دروستبوونە (ئێروانی، ٢٠٢٠، ل٨٨-٨٩؛ خەلیل، ٢٠١٩، ل ٤٠٢)، کە دەکرێت کلتوور و سیاسەتەکە زۆرتر بە کلتووری هەوڵدان بۆ زاڵبوونی لایەنێک بەسەر لایەنەکەی تردا لێکبدرێتەوە.

له هەر سیستەمێکی سیاسیدا کاتێک کە وڵات بەسەر یەکە جوگرافییە جیاوازەکاندا دابەشدەبێت، بەو مانایە دێت کە پەیڕەوی لە جۆرێک لە لامەرکەزی دەکرێت و گشت دەسەڵاتەکان لە ناوەندا کۆنەکراونەتەوە. بە پێی یاسای ژمارە (٣)ساڵی ٢٠٠٩، کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەرچووە، لە ماددەی سێیەمدا هاتووە "هەرێم لەڕووی کارگێرییەوە دابەشدەکرێ بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزا و ناحیە و هەریەک لە یەکە کارگێڕییەکان کەسایەتیی مەعنەوی و زیمەتی دارایی سەربەخۆی لە ناو بودجەی پارێزگادا دەبێ". کەواتە بەپێی دەقی ئەم یاسایە لەڕووی پڕاکتیکییەوە جۆرە لامەرکەزیەتێک لە هەرێمی کوردستنادا هەیە، ئەگەر تەنانەت لەڕووی کردارییەوە دەسەڵاتەکانی ئەم یەکە کارگێڕیانە بەرفراوانیش نەبێ. لە هەمان یاسادا ماددەی دووەم ئاماژە بەوە دەکات کە "ئەم یاسایە دەسەڵات و بەرپرسیەتی ئەنجوومەنەکان و سەرۆکەکان و ئەندامەکانی دەستنیشاندەکات بۆ پتەوکردنی پرنسیپی ناسەنتەری لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریی گشتی بۆ هاوڵاتییان و پاراستنی مافەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی یەکە کارگێڕییەکان لە هەرێمدا" (یاسای ژمارە ٣، ساڵی ٢٠٠٩).

کەواتە بەپێی دەقەکانی ئەم یاسایە بێت لە ساڵی ٢٠٠٩، باس لە پرسی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ یەکە کارگێڕییەکان کراوە. بەڵام تا ئێستا ئەم یاسایە جێبەجێنەکراوە؛ چونکە لە ڕاستیدا، پرسی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان، پرسێکی سیاسییە، کە بە هۆی ململانێ و ناکۆکی کە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بەدرێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو لە نێوان یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوونی هەیە، جارناجارێک تیشکدەخرێتە سەر ئەم بابەتە. ئەم ململانێیە بەدرێژایی ئەم ماوەیە، بە بەردەوامی خۆی لە دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتدا بینیوەتەوە. لەگەڵ

ئەمەشدا، ئاساییە فاکتەری سیاسی ببێتە هۆی داواکردن بۆ پرسی لامەرکەزی. سەرەڕای ئەمە پرسی لامەرکەزی بە مانای بەرفراوانکردنی ناوەندەکان (مەرکەزەکان) نایێت، بەڵکو بە مانای هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتەکانی ناوەند و سوککردنی باری ناوەند دێت. ئەوەی کە لە لامەرکەزیدا گرنگە بریتییە لەوەی کە نەک لە دەسەڵاتەکانی ناوەند کەم بکرێتەوە و بۆ ناوەندێکی تر بگوازرێتەوە، بەڵکو بریتییە لە شۆڕکردنەوەی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی ناوەند، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە لەبری هێنانەدیی لامەرکەزی، فرە-مەرکەزیی دێتەکایەوە (عەزیز، ٢٠٢٠، ل٨). لە سیستەمی لامەرکەزیدا هەم ناوەندێک پێویستە بۆ کۆکردنەوە، یەکخستن، چاودێریی و هەماهەنگکردنی کاروبارەکان و هەمیش، چەندین یەکەی کارگێڕی بۆ هاوکاریکردنی ناوەند.

لامەرکەزی، بە تایبەتیش لامەرکەزی کارگێڕیی نابێتە هۆی سەربەخۆیی تەواوەتیی یەکە کارگێڕییە خۆجێییەکان؛ چونکە ئەم یەکانە دواجار لە چوارچێوەی کەسایەتیی سیاسی و مەعنەویی قەوارە سەرەکییەکە کە دەوڵەت یاخود هەرێمە دەمێننەوە؛ هەر بۆیەش دەسەڵاتی ناوەندی مافی چاودێریکردنی ئەم یەکە خۆجێییانەی هەیە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی خاک و نەتەوەی دەوڵەتەکەوە (نەجمەدین، ٢٠٢٠، ل٦). ئەگەرچی ململانێ و ناکۆکیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەسەر پرسی لامەرکەزی ڕەنگیداوەتەوە، سەرەڕای ئەمەش دەکرێ سەیری لامەرکەزی بکرێت وەک پێداویستییەک بۆ باشترکردنی سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.

بە ئاوڕدانەوە لە یاسای ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا جۆری ئەو سیستەمە لامەرکەزییەی کە یاساکە باسی لێوەدەکات لامەرکەزیی کارگێڕی و داراییە. چونکە لە

ماددەی پێنجەمدا هاتووە کە " ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لەناو سنووری کارگێڕیی پارێزگادا و مافی ئەوەی هەیە بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لە سنووری پارێزگاکەیدا دەربچوێنی، تاکو بتوانێ سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگاکە بەگوێرەی پرنسیپی ناسەنتریی کارگێڕی بکات...". کەواتە بە پێی ئەم ماددەیە، سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان لامەرکەزیی داراییە بەڵام ئەگەر سەیری ماددەی بیست و حەفتەم لە هەمان یاسادا بکەین بە ناوی "دارایی پارێزگا"، چوار ڕێگە بۆ کۆکردنەوەی دارایی و خەرجییەکانی هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان دیارکراون کە بریتین لە (یاسای ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٩):

١. پشکی هەر پارێزگایەک لە بودجەی گشتی.

٢. دابینکردنی داهات لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە لایەن پارێزگاوە بۆ هاوڵاتییان.

٣. وەرگرتنی پیتاک و بەخشش.

٤. ئەو داهاتەی کە لە ڕێگەی فرۆشتن و بەکرێدانیماڵی گواستراوەی دەوڵەت بەدەستدێت.

بە سەرنجدان لەم شێوازانەی کۆکردنەوەی داهات و خەرجکردنی داهاتەکان لە بوارە پێویستەکاندا دەبینین کە لامەرکەزیی داراییش لە ماددەکەدا ڕەنگیداوەتە. ئەگەرچی بەشێک لە توێژەران و چاودێران بە تایبەتیش ئەو کەسانەی کە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیدا داوای لامەرکەزی دەکەن لەو بڕوایەدان کە یاسایەکە باس لە بنەمای لامەرکەزیی دارایی ناکات****.

## تەوەرەی چوارەم. لامەرکەزیەت و هێنانەدیی حوکمڕانیی باش لە هەرێمی کوردستاندا

دەکرێ لەم تەوەرەیەدا ئەم پرسیارە بخەینەڕوو، کە ئایا لامەرکەزیەت دەبێتە هۆی هێنانەدیی حوکمڕانیی باش لە هەرێمی کوردستاندا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە تیشکبخەینەسەر ڕەهەندە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لامەرکەزیەت لە هەرێمی کوردستاندا.

### یەکەم: ڕەهەندە ئەرێنییەکانی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان

هەر وەک باسمانکرد، هیچ سیستەمێکی سیاسی نابینینەوە کە کەم تا زۆر سیستەمی لامەرکەزی تێدا پیادەنەکرێت؛ بۆ نموونە، ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان داوای سیستەمی لامەرکەزی دەکرێت بەڵام لە حاڵی حازردا بە سێ شێواز ئەم سیستەمە پیادە دەکرێت (گۆران و ئەوانیتر، ٢٠٢٠):

یەکەم: لامەرکەزیی کارگێڕی: کە شێوازێکی فەرمییە و بەپێی یاسای تایبەتمەند هەرێمی کوردستانی دابەشکراوە بۆ چەند یەکەیەکی جوگرافیی بچووکتر. لە یاسای ژمارەی ٤ی ساڵی ٢٠٠٩، یەکە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سەر پارێزگا و قەزا و ناحیە دابەشکراون و خودی یاساکەش بە ناوی "یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان" ناوبراوە (یاسای ژمارەی ٤ی ساڵی ٢٠٠٩).

دووەم، لامەرکەزیی ناوچەیی: کە شێوازێکی نافەرمییە و بە حوکمی جیاوازیی کلتوور و مێژووی سیاسی تاڕادەیەک وەک ئەمری واقیع دروستبووە. ئەم جۆرە لە لامەرکەزیەتە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨) بە "دوو ئیدارەیی" ناسرا و لە دەرەنجامی شەڕەکە

هەرێمی کوردستان بەسەر زۆنی سەوز و زۆنی زەرد دابەشکرا. کە تا هەنوکەش لێکەوتەکانی شەڕەکە لەسەر بەڕێوەبردنی سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە.

سێیەم، لامەرکەزیی خوار ناوچەیی: کە شێوازێکە لە نێوان فەرمی و نافەرمیدا، لە سنووری زۆنی سەوزدا وەک دوو یەکەی بچووکتر لە پارێزگای سلێمانی بە (ئیدارەی گەرمیان) و (ئیدارەی ڕاپەڕین) ناسراون، لە زۆنی زەردیش داوا دەکرێت قەزاکانی زاخۆ و سۆران وەک دوو ئیدارەی سەربەخۆ دانیانپێبنرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییەی سەرەوە، مادەم پیادەکردنی سیستەمی لامەرکەزی دەبێتە هۆی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و باشتر دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتییان؛ کەواتە ئەم سیستەمە چەندین ڕەهەندیی ئەرێنی هەیە کە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم، لەڕووی کارگێڕییەوە، ئەم سیستەمە ئاسانکاری بۆ دەسەڵاتی ناوەند دەکات؛ واتە پێویست ناکات هەموو قورساییە ئیدارییەکان بخرێنەسەر ئەو وەزارەتانەی کە لە پایتەخت جێگیر بوونە. هاوڵاتییان دەتوانن لە چوارچێوەی یەکە کارگێڕییە خۆجێیییەکان، یاخود لە ڕێگەی دامودەزگا وەزارییە خۆجێیییەکان (بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان) کارە ئیدارییەکانیان جێبەجێبکەن (عومەر، ٢٠٢٠،ل١١). ئەم شێوازەی بەڕێوەبردن، هەم بۆ حکومەت و هەمیش بۆ هاوڵاتی لە تێچووە ئیدارییەکان کەم دەکاتەوە.

دووەم، وەک باسکرا، تا ئێستاش ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا بوونیان ماوە. ئەمەش جۆرێک لە کلتووری ڕقلێبوونەوەی لەهەمبەر دەسەڵاتی سیاسی دروستکردوە. دەکرێ بە بەیاساییکردنی پرسی لامەرکەزی بۆ هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی

کوردستان، له ئاسه‌واره‌کانی دوو ئیداره‌یی که‌مبکرێته‌وه و زۆرتر ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ناکۆکی نێوان پارته سیاسییه‌کانی هه‌رێمی کوردستانه و به‌م جۆره‌ش له ڕێگه‌ی لامه‌رکه‌زییه‌وه سه‌قامگیریی سیاسی بێته‌کایه‌وه؛ چونکه ئه‌گه‌ری ئه‌وه هه‌یه که له کاتی هێنانه‌دیی سیسته‌می لامه‌رکه‌زی، خۆپێشاندانی هاوڵاتییان بۆ دابینکردنی پێداویستییه‌کانیان زۆرتر ئاراسته‌ی ده‌سه‌ڵاته خۆجێییه‌کان بکرێت نه‌ک ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ند (حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان)، خودی حکومه‌تی ناوه‌ندیش ده‌توانێ یارمه‌تیده‌ری باشتر دابینکردنی خزمه‌تگوزارییه‌کان بێت.

سێیه‌م، هێنانه‌دیی دادپه‌روه‌ری له دابه‌شکردنی داهات. یه‌کێک له‌و پاساوانه‌ی که لایه‌نگرانی لامه‌رکه‌زی به تایبه‌تیش فراکسیۆنی یه‌کێتیی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنه‌وه‌ی گۆڕان له په‌رله‌مانی کوردستان و له ئه‌نجوومه‌نی پارێزگای سلێمانی، بۆ هێنانه‌دیی لامه‌رکه‌زی په‌نای بۆ ده‌به‌ن؛ بریتییه له‌وه‌ی که بودجه‌ی هه‌رێمی کوردستان به دادپه‌روه‌رانه به‌سه‌ر پارێزگاکاندا دابه‌شناکرێت؛ چه‌مکی 'سلێمانی پارێزگای غه‌در لێکراو'، به به‌رده‌وامی ده‌بیسترێت. ڕێکه‌وت زه‌کی ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی پارێزگای سلێمانی ئاماژه به‌وه ده‌کات که "تاوه‌کو ئێستاش به ژماره‌یه‌کی ته‌واو نازانین داهاتی سلێمانی چه‌نده، به‌ڵام وه‌زیری دارایی به‌ڵێنداوه به لێژنه‌که که ئه‌و داتایه‌ی ئێمه پێویستمانه بۆمان ڕه‌وانه بکات" (زه‌کی،٢٠٢٠). ئه‌م پاساوه ڕاست بێت یان نا، به‌ڵام پرسی لامه‌رکه‌زیه‌ت ده‌بێته فاکته‌رێک بۆ که‌مکردنه‌وه یاخود نه‌هێشتنی ئه‌م جۆره پاساو یاخود حه‌قیقه‌ته.

چواره‌م، پێشکه‌وتنی ئابووری، یه‌کێکه له هۆکاره‌کانی داواکردنی سیسته‌می لامه‌رکه‌زی؛ چونکه لامه‌رکه‌زیه‌ت بریتییه له په‌ره‌پێدانی پارێزگاکان و یه‌که خۆجێییه‌کان له ڕێگه‌ی ده‌رفه‌تره‌خساندن بۆ وه‌به‌رهێنانی زۆرتر که ئه‌مه‌ش له مادده‌ی دووه‌می یاسای ژماره ٣ی

ساڵی ٢٠٠٩ ئاماژەی پێکراوە. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی خۆجێیی بۆ پەیداکردنی زۆرتری سەرچاوەکانی داهات دەتوانێت کۆمەڵێک ڕێکار بگرێتەبەر وەک، باج سەپاندن و بەکرێدانی موڵکە گشتییەکانی وەکو پارک و گەڕاج. ئەمەش هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا بەڕوونی لە ماددەی بیست و هەفتەمی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ ئاماژەی پێدراوە.

پێنجەم، کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی ناوچەگەری: یەکێک لەو گرفتانەی کە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بە دەستییەوە دەناڵێنێت بریتییە لەو کەلێنە سیاسیی و ناوچەییانەی کە بە سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دواتر سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستادا سەریهەڵداوە و بۆ ناو سۆشیاڵ میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش گوازراوەتەوە*****. دەکرێت لە ڕێگەی پیادەکردنی سیستەمی لامەرکەزی و بەشداریکردنی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانی ناوچەکەیان تا ڕادەیەکی بەرچاو لەم ناکۆکییە ناوچەییانە کەمبکرێتەوە. چونکە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی لامەرکەزی بریتییە لە بوونی ئەنجوومەنێکی خۆجێیی کە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە هەڵبژێردرابێت. چونکە ئەم ئەنجوومەنە هەم هەڵبژێردراوە و هەمیش بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی سنووری یەکە ئیدارییەکەی خۆی بەرانبەر بە دەسەڵاتی ناوەند، باشتر لێیان شارەزایە (عەلی،٢٠٢٠،ل٤). بەم جۆرەش هەماهەنگیی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و یەکە خۆجێییەکان زۆرتر دەبێت.

**دووەم: ڕەهەندە نەرێنییەکانی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان**

ڕەهەندە نەرێنییەکانی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە. یەکەم، ترس لەوەی کە دواجار لامەکەزیی هەرێمی کوردستان ببێتە هۆی دابەشبوونی قەوارەی فیدڕالی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو قەوارەی هەولێر و سلێمانی. ئەگەرچی لە پێشەکیی "پرۆژەی سیستەمی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی"دا هاتووە کە پرۆژەکە بۆ سەرجەم پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێ پیادەبکرێت؛ کەچی خودی پرۆژەکە تەنیا لە لایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییەوە ئامادەکراوە. زیاد لەمەش لەناو خودی پرۆژەکەدا هاتووە:

*"پارێزگای سلێمانی و هەلەبچە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین خاوەنی ڕێژەیەکی زۆرن لە نەوت و غاز و سامانی سروشتی و قەبارەیەکی گەورەی پیشەسازی و ناوچەیەکی بە پیت و بەرفراوانی کشتوکاڵی و سەرچاوەی گرنگی گەشتوگوزاری و دەروازەی سنووریی نێودەوڵەتی و فرۆکەخانە و خاڵی گومروگی و داهاتە ناوخۆییەکان و مقەوەماتی گەشەپێدانی وەک کار و زەوی و سەرمایە و ڕێکخستن و هەبوونی چەندین بەنداوی گرنگ و ستراتیژی... هەموو ئەمانەش پاڵنەر بوونە بۆ پێداگری لە سیستەمی لامەرکەزیی کارگێریی و دارایی"* (زەکی و ئەوانیتر،٢٠٢٠).

ئەمە لە کاتێکدایە کە دەکرێ ئەم سەرچاوە سروشتیيانە لە گشت ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان بە ڕێژە و قەباری جیاواز بوونی هەبێت. بۆ نموونە، بە پێی بەداوداچوونێکی دەزگای میدیایی (درەو) کە لە مانگی مەی ٢٠٢٠، بڵاوکرایەوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٤٧٠ هەزار بەرمیلە کە لەم بڕە ٤٢٥ هەزار بەرمیل

نەوت لە پارێزگای دهۆک و هەولێر بەرهەمدەهێنرێت (حەمەرەفعەت و ڕەئوف،٢٠٢٠).

دووەم، خودی داواکاریی بەلامەرکەزیکردن زۆرتر لە زۆنی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەرجەستەکراوە؛ بۆیەش دەکرێ بیانووی ئەوە بێتەکایەوە کە ئەم داواکارییە داواکاری و ململانێیەکی سیاسییە لەناو حزبەکاندا نەک داواکارییەکی جەماوەر، هەر بۆیەش بەشێک لە لایەنەکان بە ترسەوە دەڕواننە ئەم جۆرە لامەرکەزیەتە. تەنانەت لە پرۆژی داڕێشتنی سیستەمی لامەرکەزی تەنیا پارێزگای سلێمانی تێیدا بەشداربووە و هەر لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستا چوار جار لە لایەن ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە کە سیستەمی لامەرکەزی بە پارێزگای سلێمانی بدەن (حەمەرەفعەت و ڕەئوف،٢٠٢٠). دواجار لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٤/٣٠، ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە فەرمی لێژنەیەکی نۆ کەسی پێکهێنا بۆ بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی لامەرکەزی بۆ هەر یەک لە پارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین (کوردپرێس،٢٠٢٠). هەروەها لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٢٨، ئەم پارتە سیاسییە پشتیوانیی خۆی بۆ سیستەمی لامەرکەزی پارێزگاکان دەربڕێ (سپی میدیا،٢٠٢٠؛ پیوکەی میدیا،٢٠٢٠).

زیاد لەمەش، لە پاڵنەرە واقعییەکانی ئامادەکردنی "پرۆژەی سیستەمی لامەرکەزیی کارگێڕی و دارایی" کە لە لایەن بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سلێمانییەوە ئامادەکراوە باس لە سەردانەکانیان دەکات بۆ ئامادەکردنی ئەم پرۆژەیە و سەردانەکە تەنیا ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە (ئیدارەی ڕاپەڕین، پارێزگای سلێمانی، ئیدارەی گەرمیان، پارێزگای هەڵەبجە، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سلێمانی، بەڕێوەبەری

فرۆکەخانەی سلێمانی، دەروازەی سنووری باشماخ، بەڕێوەبەرانی ئاو، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوەبەرانی باجەکانی سلێمانی، بەڕێوەبەرانی پۆلیسی سلێمانی، پۆلیسی دارستان، پۆلیسی بەرگریی شارستانی، پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی، بەڕێوەبەری گەنجینەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین و بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی لە هەرێم لە سلێمانی)(زەکی و ئەوانی تر،٢٠٢٠). لە سەردان و کۆبۆنەوەکانیشدا دەردەکەێت کە پرسی لامەرکەزی لە ڕوانگەی داواکارانی ئەم سیستەمەوە تەنیا سلێمانی دەگرێتەوە، ئەمەش ترسێکی لە لایەن بەشێک لە کۆمەڵگا دروستکردووە کە لامەرکەزی بە واتای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسی و جوگرافیایی هەرێمی کوردستان دێت.

## ئەنجامگیریی توێژینەوەکە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیدا بە ناونیشانی (پەیوەندیی نێوان حوکمڕانیی باش و سیستەمی لامەرکەزی: خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان) دەکرێ ئەم دەرەنجامگیرییانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

یەکەم، سیستەمی لامەرکەزی بە شێوەیەکی موجەڕەد و بە بوونی کۆمەڵێک یاسای ڕێکخەری لامەرکەزیەت نابێتە هۆی هێنانەدیی حوکمڕانیی باش، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەور دەبینین.

دووەم، لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەرچی کۆمەڵێک یاسا لە لایەن پەرلەمان و کۆمەڵێک بڕیار لە لایەن حکومەتەوە لەبارەی پیادەکردنی سیستەمی لامەرکەزی دەرکراون، بەڵام تا ئێستا ئیرادەیەکی سیاسیی ڕاستەقینە بۆ بەدیهێنانی ئەم سیستەمە بوونی نییە.

سێیەم، لە ئەرزی واقیعدا بەهۆی ئاسەوارە بە جێماوەکانی شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەیی تا هەنوکەش کەم تا زۆر جۆرێک لە سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە؛ ئەوەی کە جیاوازە ئەم جۆرە لامەرکەزیە بە یاسا ڕێکنەخراوە و لە دەرەنجامی باڵادەستیی پارتە سیاسییەکان لە ناوچەکانی ژێر دەستڕۆیی خۆیان بووە.

چوارەم، داواکردنی سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان لەبەری ئەوەی کە خواستێک بێت بۆ باشتر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتییان، داواکارییەکی سیاسییە کە لە کاتی قەیرانەکاندا ئەم داواکارییە لە لایەن لایەنێکی سیاسی بۆ گوشارخستنەسەر لایەنێکی تری سیاسی سەرهەڵدەدات. هەر بۆیەش تا هەنوکەش داواکارییەکە تەنیا لە دەڤەری سلێمانی قەتیس ماوەتەوە و گشت هەوڵەکانی

بەلامەرکەزیکردنیش هەر لەم ناوچەیەدا سەرهەڵدەدات. ئەمەش وادەکات کە هەوڵەکانی لامەرکەزیکردن جۆرە گومانێک دروستبکات کە لەبری شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ناوەندەوە بۆ پارێزگاکان، دەسەڵاتەکان زۆرتر لە لایەن حزبە باڵادەستەکانی هەرێمی کوردستان چڕبکرێنەوە و بەم جۆرەش لە ئاست توانای چاودێریکردنی حکومەت بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی کاروباری یەکە خۆجێییەکان کەمببێتەوە و لە دواجاردا لەبری حوکمڕانییەکی باش، حوکمڕانیی خراپ بەدیبێت، کە نموونەی ئەم جۆرە حوکمڕانییەش لە وڵاتانی لە دۆخی گەشەسەندندا کەم نین.

پێنجەم، لە دۆخی هەرێمی کوردستاندا، ئەزموونی حوکمڕانیی سێ دەیەی ڕابردوو وەها نیشاندەدات کە مەرج نییە سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستاندا، حوکمڕانییەکی باش بێنێتەدی، چونکە تا هەنوکەش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر پێکهاتە و کارکردی پارتە سیاسییەکاندا نەهاتووە و پارتە سیاسییەکان هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیان هەیە و هەر حزبێک لە زۆنی خۆی باڵادەستە، بۆیە ئەگەری زۆرە لامەرکەزیەت دەسەڵاتی جەمسەرەکانی هێز لە ناوچەی ژێر دەستڕۆیی خۆیان زیادتر بکات نەک کەمتر. لەلایەکی ترەوە، ئەوەی کە سیستەمی لامەرکەزی بەهێز دەکات بریتییە لە بوونی دەسەڵاتێکی خۆجێیی باشتر و شەفافتر لە دەسەڵاتی ناوەند، کە لە ماوەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان ئەمە لە ئاستی خۆجێیی و ناوەندی کێشە بووە.

شەشەم، پێش ئەوەی کە سیستەمی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێبکرێت کۆمەڵێک پرس هەن کە پێویستە لەڕووی واقعییەوە کاری لەسەر بکرێت کە بریتین لە:

- پێویستە هەرێمی کوردستان دەستوورێکی هەبێت کە تێدا بەڕوونی سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتی ناوەند و یەکە ئیدارییەکان باسکرابێت. چونکە لە حاڵەتی نەبوونی دەستووردا، یان پەنا بۆ دەستووری عێراق

دەبرێت کە زۆرێک لە ماددەکانی ئەم دەستووورە ڕوون نین یاخود پەنا بۆ یاساکانی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان و بڕیارەکانی حکومەت دەبرێت. ئەم یاسا و بڕیارانەش دەکرێ بە بەردەوامی بە سوودی لایەنێک و بە زیانی لایەنیکی تر، شرۆڤە و هەموار بکرێنەوە.

- باشترە هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، هێزە ئەمنییەکان و دەزگا ئەمنییەکان بە فیعلی ڕێکبخرێنەوە و لە یەک ناوەندەوە فەرمان وەربگرن و ببن بە دامەزراوەی مەرکەزی.

- باشترە چۆنیەتیی ئیدارەدانی سەرچاوەکانی داهات و دابەشکردنی لە نێوان ناوەند و یەکە کارگێڕییەکان لە چوارچێوەی دەستوور یاخود هەر دەقێکی یاساییدا بەڕوونی شرۆڤە بکرێن بۆ ئەوی کە لە دواڕۆژدا ناکۆکی لەسەر سەرچاوەکانی داهات لە نێوان ناوەند و یەکە کارگێڕییەکان ڕوونەدات.

- باشترە بەر لە دامەزراندنی سیستەمی لامەرکەزی، پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە پارتی سەربازی-مەدەنی ببن بە پارتی مەدەنی.

بەبێ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی سەرەوە، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە سیستەمی لامەرکەزی، لەبری هێنانەدیی حوکمڕانیی باش لە هەرێمی کوردستاندا، هەم قەوارەی سیاسیی هەرێم و هەمیش جۆری حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی مەترسیی گەورەتر بکات لەبری باشترکردنی جۆری سیستەم و حوکمڕانییەکەی هەرێمی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


- ئیسماعیل نەجمەدین، (٢٠٢٠) لامەرکەزییەتی کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێم: پایە و ئالنگارییەکان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی.
- http://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1528
- ئەمین فەرەج شەریف، (٢٠١٩)، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان: توێژینەوەیەک لە پایە و ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣)، وەرگێڕانی: لوقمان حاجی قادر، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.
- پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٩، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.
- پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارەی ٤ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان.
- پیوکەی میدیا(PUK Media)، (٢٠٢٠)، لامەرکەزیەت لە کارنامەی حکومەتدابووە، ٢٠٢٠/٥/٢
- https://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=154864
- جۆرج ڤاسکوێز و ئاگنێز ساشی، سانتیاگۆ پێناس، (٢٠٢٠) کاریگەرییەکانی لامەرکەزییەتی دارایی لەسەر گەشەی ئابووری یەکە خۆجێییەکان، و: کارزان عومەر، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە

ململانێ و قەیرانەکان، file:///C:/Users/admin/Downloads/152.pdf

- دریدریک فلورک و ئار. ویلیامز (٢٠٢٠)، ڕێگاکان بۆ لامەرکەزیەت و خۆبەڕێوەبردنی ناوچەیی: هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە، و. ناوەندی کوردستان. ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان file:///C:/Users/admin/Downloads/154.pdf

- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکانی هەرێی کوردستان (٢٠٠٩) لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا و ناحیە، (ژمارەی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای هەلەبچە دواتر زیادکراوە). http://www.krso.net/files/articles/130814110413.pdf

- ڕێکەوت زەکی و ئەوانیتر، (٢٠٢٠) "پرۆژەی سیستەمی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی.

- http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=6217

- ڕێکەوت زەکی، (٢٠٢٠) تا ئێستا نازانین داهاتی سلێمانی چەندە، ماڵپەری (snnc)، ٢٠٢٠/٥/٢٠.

- https://snnc.co/8176

- سپی میدیا، (٢٠٢٠) (سپی) چەند تەوەرێک لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی ئاشکرا دەکات، 29/06/2020.

- http://speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=92803&Jor=22

- سەردار عەزیز، (٢٠٢٠)، ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بە لامەرکەزیەتە؟ ناوەندی کوردستان بۆ تویژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی.
- http://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1531
- فازل حەمەرەفعەت و محەمەد ڕەئوف (٢٠٢٠)، لامەرکەزیەت یاخود دوو هەرێمی، دامەزراوەیی میدیایی درەو، ٢٠٢٠/٥/١.
- http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5831
- فوئاد عەلی، (٢٠٢٠)، لامەرکەزیەتی کارگێڕی و دارایی لە سیستمی حکومڕانی عێراقدا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی.
- http://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1533
- کارزان عومەر، (٢٠٢٠)، گرنگی سیستەمی لامەرکەزیەتی کارگێڕی و دارایی بۆ هەرێمی کوردستان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی.
- http://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1530
- کوردپرێس، (٢٠٢٠)، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەدواداچوونی جدی بۆ لامەرکەزی ئیداری دەکات، ٢٠٢٠/٥/١.
- https://kurdpress.com/Ku/details.aspx?id=160679

- موسلّح ئێروانی: (٢٠٢٠) کۆمەڵگای لێکترازاو: هاوبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی شوناس، لە سیاسەت و کۆمەلگا، ئامادەکردنی ئیحسان وەلزی و موسلح ئیروانی، چاپی ئەنستیتۆی سیاسەتی گشتی، هەولێر.

- هۆگر ئیبراهیم حەکیم، (٢٠١٧) سروشتی دیموکراتی لامەرکەزیەتی کارگێڕی، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارە خۆجییەکانی هەریم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

- هیوا مەجید خەلیل، (٢٠١٩) ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە دروستکردنی کەلێنی کۆمەڵایەتی-ناوچەیی لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا. گۆڤاری یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە ٢٧.

- یوسف گۆران و ئەوانیتر، (٢٠٢٠)، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ڕانانی ئاییندەیی ژمارە (٣).

- https://www.centerfs.org/futuristic-readings-no-3-2020-ku/#_Toc33192903

**سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان**

- قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، (٢٠٠٤)، المادة (٥٦-ج).

- محسن امامی قشلاق، (١٣٨٨)، نگاهی بر سیستم عدم تمرکز اداری در ایران، فصلنامه تحقیقات حقوق تطبیقی ایران و بین الملل، بهار و تابستان ١٣٨٨، شماره ٤.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان


- Abdullah Khalid (2010), Alternative Network for Development and Democracy, The Intersection of Decentralization in Kurdistan Region.
- Blane D. Lewis , Hieu T.M. Nguyen, Adrianus Hendrawan (2020), Political accountability and public service delivery in decentralized Indonesia: Incumbency advantage and the performance of second term mayors, European Journal of Political Economy, 64.
- Charles M. Tiebout (1956), A Pure Theory of Local Expenditures, The Journal of Political Economy, Vol. 64, No. 5.
- Glyn Williams (2020) Governance, Good, Urban Studies and Planning, University of Sheffield, Sheffield, United Kingdom; and School of Planning and Architecture, University of the Witwatersrand, Johannesburg, South Africa.
- Harry Blair (2000), Participation and Accountability at the Periphery: Democratic Local Governance in Six Countries, World Development Vol. 28, No. 1.
- Jason Oringer, Carol Welch (1998), Structural Adjustment Programs,
- https://ips-dc.org/structural_adjustment_programs/.

- Jomo Kwame Sundaram and Anis Chowdhury (2012), Is Good Governance Good for Development? Bloomsbury Academic, United Nations.
- Julie Aubut (2004), The Good Governance Agenda: Who Wins and Who Loses. Some Empirical Evidence for 2001, London School of Economics and Political Science.
- Katharina Mewes (2011), Decentralization on the Example of the Yemeni Water Sector, Springer Fachmedien.
- Malik Nadeem (2016), Analyzing Good Governance and Decentralization in Developing Countries, Journal of Political Sciences & Public Affairs, volume 4:3.
- Merilee S. Grindle (2007), Going Local: Decentralization, Democratization, and the Promise of Good Governance, United Kingdom: Princeton University Press.
- Muhammad Nadeem Malik (2001), Analyzing Good Governance and Decentralization in Developing Countries, Journal of Political Sciences & Public Affairs, 4(3).
- Pranab Bardhan (2002), Decentralization of Governance and Development, Journal of Economic Perspectives— Volume 16, Number 4.

– Pranab Bardhan and Dilip Mookherjee (2006), Decentralization and Accountability in Developing Countries, The Economic Journal, 116 (January), 101–127. Royal Economic Society.

– Rémy Prud'homme (1995), The Dangers of Decentralization, The World Bank Research Observer, Volume 10, Issue 2.

– Sam Halvorsen (2019), The political opportunities of urban decentralisation: Mobilising local governance in Buenos Aires, Political Geography, volume 74.

– Samuel P. Huntington (1991) Democracy's Third Wave, Journal of Democracy Vol.2. No.2.

– WGI (2013) The Worldwide Governance Indicators (WGI) Project, [Online], available at: http://info.worldbank.org/governance/wgi/index.aspx#home

– WHO (2013) Structural Adjustment Programmes (SAPs)

– http://www.who.int/trade/glossary/story084/en/

– World Bank (1992), Governance and Development, Washington, D.C.

– World Development Report, 2004, Making Services Work for Poor People, The International Bank for Reconstruction and Development/The World Bank.

**پەراوێزەکان**

* مەبەست لە شەپۆڵی سێیەمی دیموکراسی بریتییە لەو وڵاتانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٩٠، سیستەمی سیاسیان لە سیستەمێکی نادیموکراسییەوە بەرەو سیاسەتێکی دیموکراسی گۆڕی کە ژمارەیان نزیکەی سی وڵات بوو. بۆ زانیاریی زیادتر بڕوانە:

Samuel P. Huntington, DEMOCRACY'S THIRD WAVE, Journal of Democracy Vol.2. No.2 Spring 1991, pp,12-34.

** لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی لەو بڕوایەدابوون کە کێشەی گەشەنەکردنی ئابووری وڵاتانی دواکەتوو، بە تایبەتیش وڵاتانی ئەمریکای لاتین، بریتییە لە بوونی دامەزراوە و ڕێسا و یاساییەک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەتدا ناگونجێت، بۆیە ئەم دوو دامەزراویە جیهانییە، داوای لە وڵاتانی دواکەوتوو کرد کە پێداچوونەوە بە دامەزراوە و ڕیسا و یاسا ئابوورییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی کە لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕدا بگونجێت و بەرنامەیەکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە دارشت کە بە "بەرنامەی هەمووارکردنەوەی ستراکتۆرەکان" ناوی دەرکرد. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

WHO (2013) Structural Adjustment Programmes (SAPs)

also http://www.who.int/trade/glossary/story084/en/
see: Jason Oringer, Carol Welch, Structural Adjustment

Programs, 1998, https://ips-dc.org/structural_adjustment_programs/

*** سیستەمی لامەرەکەزی ڕادیکاڵ بۆ ئەو سیستەمە لامەرکەزیانە بەکاردێت، کە بە هۆی کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی، ئابووریی و کولتورییەوە، دەسەڵاتی یەکە خۆجییەکان لە ڕادەبەدەر زۆر بن و ببێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی.

**** لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان کۆمەڵێک توێژینەوە و گوتاری بڵاوکردەوە کە نووسەرانی ئەم توێژینەوەیە و بڵاوکراوانە لەو بڕوایەدابوون کە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩، تەنیا لامەرکەزی کارگێڕییە. پاساوی ئەم نوسەرانە بریتیبوو لەوەی کە فرۆشتن و داهاتی سەرچاوەکان بە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەمێنێت. زیاد لەمەش لە "پرۆژەی سیستەمی لامەرکەزی و دارایی"دا کە لەلایەن سێ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە حوزەیرانی ٢٠٢٠، بڵاوکرایەوە هەمان بۆچوون ڕەنگیدابووە.

***** بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هیوا مەجید خەلیل، (٢٠١٩) ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە دروستکردنی کەلێنی کۆمەڵایەتی-ناوچەیی لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا. گۆڤاری یاسا و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە ٢٧، ل ٣٩٣-٤٣٤.

**الملخص:**

تعتبر من الإستحالة في أنظمة إدارة الدول أن تتواجد نظام مركزي او لا مركزي بشكل كامل، ولكن هناك شكل من توزيع السلطات وإعطاء الصلاحيات للإدارات الدُنية، هذا كذلك صحيح بالنسبة لإقليم كوردستان أيضا. حيث وجود الوحدات الإدارية مثل المحافظات، الأقضية والنواحي أصح تعبير على ذلك. ولكن نظام الإدارة في اقليم كوردستان يتسم ببعض الشيء من التناقض، لوجود مجموعة من القوانين والقرارات لإقرار نظام اللامركزي، ولكن هذه القرارات ليست في محل التنفيذ. في الواقع بسبب التنافس السياسي وبالأخص بعد الحرب الداخلية والتي كانت بين الأعوام ١٩٩٤ و ١٩٩٨ نتجت عنها إدارتين للحكم إحداهما في أربيل والآخر في السليمانية والتي انتهت بإنشاء حكومة موحدة في عام ٢٠٠٦، ولكن الآثار السياسية، والاقتصادية، والثقافية للحرب الداخلية حال بين الوحدة وأهداف التوحيد بين الإدارتين بحيث ولحد الآن نظام الحكم في اقليم كوردستان تشكو منها مؤثراً بذلك على أيةِ خطوة إصلاحية في نظام الحكم وتوجيهه نحو الحكم الرشيد. وكانت لها تأثيرات سواء بالسلب أو بالإيجاب على بناء أو تأسيس حكم نظام لامركزي في الإقليم أيضا.

**Abstract:**

It is impossible in the administration systems, to find out a fully centralized or decentralized system; there is a form of distribution of powers to the lower administration units. This is true for the Kurdistan Region as well, where the Region consists units such as governorates, districts, and sub-districts. However, the administration system in the Kurdistan Region is characterized by contradiction. There is a set of laws and decisions to approve the decentralized system, whereas these decisions are not implemented properly. Due to political conflicts, especially after the internal war (1994-1998), which resulted in two administrations unites, one in Erbil and the another in Sulaymaniyah, and ended with the establishment of a unified government in 2006, but the political, economic, and cultural effects of the internal war prevented the unity and the objectives of unification between the two mentioned administrations; affecting any reform steps toward establishing a good governance and decentralized system.